# خەوتنی سەلامەت بۆ کۆرپە

## ئەو شتانەی کە تۆ دەتوانیت بیان کەیت:



✔ کۆرپەکەت لە سیسەمێکی جیاوازدا بخەوێنە یاخود بۆ 6 مانگی سەرەتا لە ژووری خۆتاندا لەناو سەبەتەیەکی تایبەت بە کۆرپەدا بیخەوێنە



✔ کۆرپەکەت لە دووکەڵی جگەرە بپارێزە لەماوەی دووگیانی و دوای ئەوەش کە لەدایك دەبێت



✔ هەمیشە کۆرپەکەت لەسەر پشت بخەوێنە



✔ دۆشەکێکی نوێی توندوتۆڵ و تەخت بەکار بهێنە کە ئاو دانەدات



✔ بەشیری دایک کۆرپەکەت پێبگەیەنە

the lullaby trust

safer sleep for babies - support for families

## ئەو شتانەی کە نابێت بیان کەیت:



✗ مەهێڵە کۆرپەکەت زۆر گەرمای ببێت

✗ کاتێك کە کۆرپەکەت دەخەوێت دەموچاوی یاخود سەری دامەپۆشە و سەرچەفی شلوپەت بەکار مەهێنە



✗ لەگەڵ کۆرپەکەت لەسەر یەك جێگا مەخەوە ئەگەر جگەرەکێشیت، ئەلکهول دەخۆیتەوە یان دەرمان و مادەی هۆشبەر بەکار دەهێنیت یاخود ئەگەر کۆرپەکەت بە نابەکامی لەدایك بووە یاخود کاتێك لەدایك بوو کێشی کەم بوو



✗ هەرگیز لەسەر قەنەفە یان لەناو کورسی دەسکداردا لەگەڵ کۆرپەکەت مەخەوە

**دەبێت بۆ هەر سەرخەو شکاندنێك پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکەیت نەك تەنها بۆ خەوی شەو**

دیاردەی مردنی لەپڕی کۆرپەی ساوا (SIDS) مردنێکی لەپڕ و چاوەڕوان نەکراوی کۆرپەیەکە کە هیچ هۆکارێکی ئاشکرای نییە، ئەگەرچی ئێمە هێشتا نازانین چۆن بە تەواوی بەر لەم دیاردەیە SIDS بگرین، بەڵام دەکرێت کە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەگەری ڕوودانی کەم بکرێتەوە لەڕێگای پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانەوە.

هەروەها ئەگەر هەر پرسیار یان نیگەرانییەکت هەیە دەتوانیت لەگەڵ مامان یاخود سەردانکاری تەندروستی قسە بکەیت، یاخود پەیوەندی بە ئێمەوە بکە

ئیمەیڵ: info@lullabytrust.org.uk
تەلەفون: 0808 802 6869
ماڵپەڕ: www.lullabytrust.org.uk

ئەم بڵاڤۆکە لەلایەن ”لولابی ترەست“ ـەوە ئامادە کراوە. زانیارییەکان دواجار لە مارسی 2013 دا نوێ کراونەتەوە. داڕشتنی وشەکان پەسەند کراون لەلایەن ڕێکخراوی خێرخوازی ژمارە 262191 ـی تۆمارکراو لە یونیسێفی بەریتانی UNICEF UK . ژمارەی تۆماری کۆمپانیا 0100082 کە پێشتر ناوی دامەزراوەی توێژینەوە لە مردنی کۆرپەی ساوا (FSID) بووە.